ناسا بە نیازە وەستگەیەکی ئەتەمی بە بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لەسەر مانگ دابمەزرێنێت



ئاژانسی ناسا بە نیازە وەستگەیەکی ئەتەمی بە بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، بە توانای 100 کیلۆ وات، لەسەر مانگ دابمەزرێنێت.

بە گوترەی هەواڵی ئاژانسی پڵیتیک، ناسا، داوای لە کۆمپانیاکان کردووە لە ماوەی 60 ڕۆژدا نەخشە و پێشنیازی خۆیان بە دامەزراندنی ویستگەیەکی ئەتەمی بە بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لەسەر مانگ، ئامادە بکەن؛ ناسا دەیەوێت وەستگەکە لە سەرەتای ساڵی 2030دا بخاتە گەڕ.

شۆن داڤی، بەڕێوەبەری کاتیی ناسا، بە ئاژانسەکانی هەواڵی ڕاگەیاندووە "مەبەست لە دامەزراندنی ئەو وەستگە ئەتەمییە، دابینکردنی وزەی کارەبایە بە ئاسمانگەڕان کە لە داهاتوودا بە ماوەیەکی زۆر لەسەر مانگ دەمێننەوە."

پرۆژەی دامەزراندنی وەستگەی ئەتەمی لەسەر مانگ، بیرکەیەکی تازە نییە، پێشتر لە لایەن ڕووسیاوە پێشنیاز کرابوو؛ بەڵام ئێستا ناسا بە جددی خەریکی جێبەجێ کردنی پرۆژەکەیە.

دابینکردنی وزەی کارەبا لە هێگڵی وەستگڵی ئەتەمۆی، وەک جێگرەوەیەک بۆ وزەی خۆر دادەنرێت، بۆ تایبەتی لە ماوەی شەوی سەر مانگدا کە زیاتر لە دوو هەفتە دەخایەنێت.

ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وای نیازە، پاش زیاتر لە 50 ساڵ، جارێکی دیکە، لە ساڵی 2027دا ئاسمانگەڕان بنێرێتەوە سەر مانگ، ئەوەش لە چوارچێوەی پڕۆگرامی "ئەرتمیتس". ئەم پلانە، چەند جارێک دواخرا و هەشتاش هێوون نییە ئایا دەناسد ترەمپ، سەرکەی ئەمریکا، لە پشتیوانیی پڕۆژەکە بەردەوام دەبێت یان نا؟